# وێنەكانی پشت لە سێدارەدان!!

عمری خطاط
omerxatat@yahoo.com

*وێنەی یەكەم:*

دەڵێن لەسێدارەدانی سەدام حسێن دەرگای كردنەوەی عێراقە بەرووی دیموكراسی و سەرەتای بەرقەراركردنی ئاسایشە لە عێراقدا، ئەمە درۆیەكی یەكجار گەورەیە. عێراق تازە سەرەتای توندوتیژیەكی زیاتر بەخۆیەوە دەبینێ، كوشتنی سەدام حسێن بەم شێوەیەو لە یەكەم رۆژی جەژنی موسوڵماناندا ئەم توندوتیژیە زیاتر دەكات كەمی ناكاتەوە..

پەروەندەی بەعس بە درێژایی حوكمڕانیی لە عێراق و تەنانەت ناوچەكەش پەروەندەیەكی ئەستووری پێشلكارییە، فاشیزم و دەمارگیری قەومی و مەزهەبی كۆڵەكە بنەرەتیەكانی ئەم سیستەمەی پێك دەهێنــا، ئەبوایە نەك تەنانەت خەڵكی عێراق بەڵكو هەموو دنیا ئاگاداری تاوانەكانی ئەم سیستەمە بوایە و لەدوا نەتیجەشدا " بەعسیزم" وەك نازیزم لە فەرهەنگی سیاسیدا پێناسە بكرایە، بۆ ئەمە ئەبوایە سەرانی ئەم سیستەمە لە دادگایەكی نێو دەوڵەتیدا دادگایی بكرانایەو هەموو دنیا شاهیدی وردو درشتی تاوانەكانیان ببوایە،بەڵام چ پرۆسەی دادگایی كردنەكەو چ لە سێدارەدانی سەدام حسێن نەك ئەم تاوانانەی ئاشكرا نەكرد، بەڵكو هەموو ئەو تاوانانە شاردرانەوە بەتایبەت ئەوانەی كە پەیوەندی بەتاوانی گەورەی ئەنفال و كیمیابارانی هەڵەبجەو جەنگە گەورەكان و زۆر تاوانی تر، هەروەها بە شێوەیەكیش بەعس و سەدام حسێنیان بەڕوو سپی دەرهێناو پەتی لەسیدارەدان و شایەتومانی ئەخیر سەدامی كردەوە بە سیمبوڵی قارەمانی و خۆڕاگریی بەشێك لە دنیای عەرەب و تەنانەت بەشێك لە ولاتانی ئیسلامی.

عێراق ولاتێكی داگیركراوە، سوپای ئەمریكاو هێزەكانی بەشدار لە دەسەڵاتداو گروپە تیرۆریستیە بەعسی و ئیسلامیەكان رۆژانە خەریكی كوشت و برو وێرانكاریین، دەوڵەت تەنانەت بەشێوە زۆر سادەكەشی لە عێراقدا تا ئێستا بوونی نیە، ئەوەی كە هەیە رێكەوتنی كۆمەڵێك هێزی ڕەشی میلیشیاییەو تەواوی دام ودەزگا دەوڵەتیەكان، دام ودەزگای حزبیی میلیشیایین و ئەوەی كە پێناسەی سەربەخۆیی بداتە هەر یەكێك لەم دام و دازگایانە بەتایبەت ئەو دادگایەی كە سەرانی بەعس دادگایی دەكات، لە خەوێكی وەنەوشەیی خۆشدایە.!

*وێنەی دووەم:*

لەسێدارەدانی سەدام حسێن ئەوەندەی تۆڵەسەندنەوەیەكی شەخسیە ئەوەندە پەیوەندی بە ڕیشەكێش كردنی سیستەمێكی هارو درندەوە نیە كە بۆ ماوەی سی و پێنج ساڵ بە ئاگرو ئاسن حوكمڕانی عێراقی دەكرد. شوێنی لە سێدارەدان كە شوعبەی پێنج ی دەزگای هەواڵگری عەسكەریی بوو وە تایبەت بوو بە كاری هەواڵگریی لەسەر كۆماریی ئیسلامی ئێران، جەلادەكان هێزێكی ڕەشی ئیسلامی شیعی بوون، كاتەكەی لەیەكەم رۆژی جەژنی قوربان‌دا بوو، تاوانەكە قەتڵ وعامی خەڵكی "الدجیل" بوو.. خودی دادگاییەكە و لەسێدارەدانەكە بەدەستی لایەنێك بەرێوەچوو كە لە پێناسەدا بە ئیسلامی شیعە ناودەبرێت و ئێران لە پشتیەتی. صالح المطلك سەرۆكی " الجبهة العراقیة للحوار الوطني " دەڵێ: ئەوانەی ئێستا حوكمڕانی دەكەن كەسانی "سادی*" ن، ئەوان نەهاتوون بۆ حوكمڕانی بەڵكو هاتوون *تۆڵە بسەنندنەوە*" ئەمە قسەی كەسێكە كە ئێستا خۆی و ڕێكخراوەكەی ئەندامی پەرلەمانی عێراقە، ئەم قسەیە دەقاودەق بەسەر پێكهاتەی ئەو هێزانەدا دەبرێ كە ئێستاو لەژێر چەتری هێزەكانی ئەمریكادا فەرمانڕەوایی دەكەن.

ئەمە خۆشخەیاڵیە كەپێمان وابێ ئەم دادگاییەو لەناوچوونی سەدام حسێن بەم شێوەیەو لەم كاتەدا دەكاتە ڕیشەكێش كردنی ئەو فاشیزم و ستەمكارییەی كە بەعس نوینەرایەتی دەكرد، یان مژدەیەی ئاییندەیەكی باشترو بەدیلێكی ئینسانی تر دەدا بە خەڵكی عێراق وە تەنانەت سەرەتای توێكڵە دیموكراسیەكیش نیە وەك ئەوەی

میدیای ڕەسمی بانگەشەی بۆ دەکات، بەڵکو ئەمە گیانی تۆڵەسەندنەوەو خوێن ڕشتن و شەڕی تائیفی و مەزهەبی دەباتە ئاستێک بەرزتر لەوەی کە ئێستا هەیە.
سەدام حسێن لەناوچوو بەڵام ڕۆحی بەعس و "بەعسیزم" لە عێراقی دوای مەرگی ئەودا لەجاران زۆر بەهێزترە، کەوتنە خوارەوەی سەدام حسێن لەسەر پەتی سێدارەو هاواری " مقتدى، مقتدى، مقتدى" لەبەرامبەریدا، هەمان ڕۆحی دیکتاتۆریانەو سەرکوتی بەعسیانەیە بەڵام لە ناوێکی ترو بەرگێکی تری دەیان دەم وچاوی تردا.

*وێنەی سێیەم:*
مەرگ ساتەوەختێکی سامناکە لەوەش سامناکتر کاتێک کە بیبینیت، لە سێدارەدان بۆ خۆی تاوانە، سەندنەوەی مافی ژیانە لە کەسێک "تاوانبار بێت یان بێتاوان"، من موچورکە بەلەشما هات کاتێک نمایشی ئەو لەسێدارەدانەم بینی، نەک لەبەر ئەوەی بەزەییم بە شەخسی هەلواسراودا بێتەوە، نا. بەڵکو لەبەرئەوەی کە تۆ کەسێک دەکوژیت، ئەمە هەر ئەو کارەبوو کە بەعس خۆی پێی هەڵدەسا.
لەسێدارە دان پەیوەندی بەبەرقەرارکردنی "عەدالەت" یان "یاسا"وە نیە، بەڵکو هەمان تاوانی "قەتڵە" کە لە کۆمەڵگەدا هەیەو ئەمجارە دەوڵەت لەژێر ناوی "سزادان" دا هەمان قەتڵ بەرهەم دەهێنێتەوە، تەنانەت زۆرجار ئەمە پەیوەندی بە سزایەکەوە نیە کە دەوڵەت لەژێر ناوی شەرعیەتدا ئەنجامی دەدات، بەڵکو دەوڵەت پەنا دەباتە بەر ئەمە بۆ بڵاوکردنەوەی ترس لەناو کۆمەڵگەدا، بە مانایەک ئەمە تۆقاندنی خەڵکە بۆ ئەوەی سەرکزو بێ وەی دانیشن و دەست نەبەن بۆ یاخی بوون، کەسی یاخی بوو ڕەنگە عاشقێک بێت،یان نوسەرێک کە "موقەدەس"ی شکاندبێت،یان سەربازێکی هەڵاتووبێت، یان کەسێک بێت کە قسەی نزمی بەسەرۆک وتبێت. هەموو ئەمانە ڕەنگە لەسێدارە بدرێن جا "تاوانباربن یان بێتاوان".
سزای لەسێدارەدان سزایەکی قێزەون و پیسە، عەقڵیەتی تۆڵەسەندنەوەو کوشتن لە کۆمەڵگەدا برەو پێ دەدات و توندوتیژی لە تەواوی ڕۆبینا کۆمەڵایەتیەکاندا زیاد ددەکات، پێویستە لەسەر کۆمەڵگە کە بەرامبەر بەم تاوانە کە دەوڵەت زۆر ڕوو قایمانە پێی هەڵدەستێت بوەستێتەوەو لەبەرامبەریدا فشار بهێنێت بۆ سەپاندنی ئەو یاساو ڕێنماییانەی کە بەها ئینسانیەکان وەلەسەرروو هەمووشیانەوە مافی ژیان بۆ هەمووان دابین بکات. ئەمە ئەرکی هەموو ئەو هێزانەیە کە خەباتکاریی ڕێگەی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سالم و مۆدێرنن، کۆمەڵگەیەک کە دوور بێت لە ڕۆحیەتی تۆڵەسەندنەوەو فەلسەفەی کوشتن.

02.01.2007

---

* سادی: ناوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەفسەرێکی فەرەنسی کە پلەی "مارکیز"هی هەبووە و لە سەدەی هەژدەهەمدا ژیاوە، ناوی "دو ساد" بووە، ئەم ئەفسەرە لەهەمان کاتدا نوسەرێکی بەناوبانگ بووەو چەندین بەرهەمی ئەدەبی و ڕۆمانی هەیە، ئەم کەسە کردەوەی زۆر خراپی هەبووە وەک ئازاردانی خەڵک و سزادانیان بەم کارەش زۆر خۆشحاڵ بووە، تەنانەت کەسایەتی ناو ڕۆمانەکانی ڕەنگدانەوەی خووەکانی خۆی بووە وەک تێکشکاندنی بەرامبەرو توندوتیژی و ئازاردان بەمەبەستی وەرگرتنی خۆشی. لێرەوە سادیەت یانی خۆشی وەرگرتن لەڕێگەی ئازاردانی نەفسی یان گیانیی بەرامبەر.